www.kurdistannet.org 3-1-2003

# ڤین و ئەوین

حەمەسەعید حەسەن

بە سیحری لە گۆلی ئەوینی ئافرەتا نوقمبوون
لە زەریای بەرینی ئەوینی خودادا بزر بووم.
(لاشەی ڤین بۆگەنە،
دەروونی خۆتانی بۆ مەکەن بە گڵکۆ،
ئەوانەی بیریان لای تۆڵەیە، لاوازن،
بەهێزان شەڕوشۆڕ ناخوازن،
بە زەبری ئەزموونی شەڕخوازان
هۆگری ئاشتی بووم،
پیاو ئەگەر هەمیشە
چاوپۆشی لە هەڵەی بچووکی ژن نەکا
با هەرگیز
بە هیوای باوەشی پڕ چاکەی مەزنی ژن نەبێ،
مریەم چەند ‹مەسیح›ی خۆش دەویست
‹یەهوودا›ش ئەوەندە لای دایکی شیرین بوو،)*
من دوو جار هاتوومە دنیاوە،
یەکەم جار ئامێزی ژنێکم ئاوەدان کردەوە
تا ژیا هەر خۆشی دەویستم،
هەنووکە بەهەشتم باوەشی ژنێکی دیکەیە
تا دەمرم پێوەیە پەیوەستم،
زیندانە ئەو کۆشکەی میوان ڕووی تێ نەکا،
تەلاری خەیاڵم هەمیشە چاوەڕێی ئەندێشەی تازەیە،
نەورەسم، هەڵفڕین، ئامانجە لە کنم
بێباکم لە ساچمە و پلاری دوژمنم،
برینە سەرچاوەی هۆنراوەی ڕووگەشم،

www.kurdistannet.org 3-1-2003

برینی ڕۆحی من

لە دووریی نیشتمان خوێنی لێ دەچۆڕێ،

هیچ نەبێ کەرەتێ بە چاوی سۆزەوە

بۆ خەمی تەنیاییم بڕوانە!

پێش ئەوەی بژاکێم، بهێڵە بنۆشم

قومێ لەو شەرابی لێوانە

تەنیا هەر ئەو وەختە

لە خودی خۆم پەستم

بە بالآی زاڵمدا هەڵبڵێ هەڵبەستم.

2002. 12. 30

* نووسینەوەیەکی دیکەی هەندێک ڕستەی جوبران خەلیل جوبرانە.